# بێچاره پیرێژنه کرپارەکەی "یوسفی کەنعان"

## له وەڵامی نووسراوەی کەسێك بەناوی "عەلی مەحموود محەمەد" له هەواڵ ژماره 100بڵاو بۆتەوە

## پێژمان ئارایانپوور

له ژماره 98ی هەفتەنامەی "هەواڵ" به رێکەوتی 11ی سێپتامبری 2004 نووسراوەیەك لەژێر سەردێری "دیموکراسی حیزبی له خۆرهەڵاتی کوردستان" له نووسینی کەسێك بەناوی "عەلی مەحموود محەمەد" چاپ‌و بڵاوبۆوە.

لەو نوسراوەیەدا نووسەرەکەی وێڕای وەبیرهێناوەی سێ کۆنگرەی هاوکاتی سێ لایەنی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پشتگیری خۆی له دەرەنجامەکانی حیزبی دیموکرات له تویی چەند دێڕدا دەردەبڕێ‌و زۆر ناشیانەو موغریزانه هێرش دەباته سەر لیدری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕو دەبیر ئەوەڵی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست‌و هەڵبژاردنەوەیان لەلایەن کۆنگرەی هەردووی ئەم لایەنانه به "نەبوونی دیموکراسی" لەو دوو حیزبەدا وەك فاکت دەهێنێتەوە.

بەر له دەست پێکردنی کاکڵی ئەم نووسراوەیه ئەوە روون کەمەوە که ئەم نووسراوەیه زۆرتر له رەدی ئەو تاوانانەی که کاك "عەلی مەحموود محەمەد" داوێته پاڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران‌و بەرێز "کاك عەبدوڵلای موهتەدی" یه نه لایەنێکی تر.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له خۆیدا من پێم وایه ئاوا ئازانه رەخنەگرتن‌و پرسیار کردن له سەرکردە کوردەکان هەنگاوێکن بەرەو دیموکراسی‌و له خۆیدا بۆ ئەم بڕگەیه له مێژووی کوردستان‌و به تایبەتی کوردستانی رۆژهەڵات ئەمه دەتوانێ مەدرەسەو قوتابخانەیەك بێ بۆ دیموکراسی له مەوداو مەجال‌و ئاستێکی بەرینتر بەناوی "کۆمەڵگای کوردستان". بەڵام من لێرەدا هەوڵ دەدەم وەڵامدانەوەیەکی زۆر کورت‌و کۆنکرێتم هەبێ به هێندێك له قسەکانی کاك عەلی هەر وەك بۆ ئەوەی به رەسمی دەناسم ئاوا ئازادانه قسەکانی بکا ئەوهاش مافی خۆم دەزانم چەند روونکردنەوەو وەڵامێك لەسەر نووسراوەکەی هەبێ.

کاك عەلی له پێشدا زەهری خۆی به زاراوەی "دوو کۆمەڵە" بوون دەرێژێ، هەڵبەت روونه چ کەسانێك له بەکاربردنی ئەم زاراوەیه قازانج دەبەن‌و هەوڵیشیان پەرەدان بەم زاراوەیەیه. ئەوەی راستی بێ "دوو کۆمەڵە" بوون مانایەکی نییه. "کۆمەڵە" له کوردستانی ئێران تەنیا حیزبێکه که ساڵی 1969ی زایینی (1348ی هەتاوی) لەلایەن کۆمەڵێك له خوێندکاران‌و روناکبیرانی ئەوکاتی کوردستان‌و لەوانه "کاك فوئادی مستەفا سوڵتانی، کاك حەمه حوسێنی کەریمی، کاك شوعەیبی زەکریایی، کاك عەبدوڵڵای موهتەدی‌و کاك ساعدی وەتەندووست" دامەزراوو رۆژی 26ی رێبەندانی ساڵی 1357ی هەتاوی (1979) عەلەنی بوونی خۆی راگەیاندو ساڵی 1362 (1983) لەگەڵ چەند جەریانی چەپ‌و مارکسیست له ئێران "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" نیان پێك هێناو ساڵی 2000 پاش 17 ساڵ کارو چالاکی له چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وەك رەوتی ساغکردنەوەی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" لەو حیزبه جیابۆوەو سەر لەنوێ چالاکی خۆیان بەناوی کۆمەڵەوە راگەیاندەوە.

بەم پێیه بوونی زاراوەی "دوو کۆمەڵە" مانایەکی راستەقینەی نییه.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کاك عەلی لە کاك عەبدوڵلای موهتەدی خوردە دەگرێ کە بۆچی لەم کۆنگرەیەشدا وەك لیدر هەڵبژاردرییایەوە؟و بۆخۆی یەك لایەنە دەبێتە دادوەرو بڕیار دەکاو کۆمەڵە بە "دوگم بوونو نەبوونی دیموکراسی حیزبی" تاوانبار دەکا.

"عەلی" ئاغا لە نووسراوەکەی‌دا زۆر بێ موبالاتانە سەرکەوتنەکانو پێگەی کۆمەڵە لە کۆمەڵگای کوردستان نادیدە دەگرێو دەفەرموێ:"لە مێژووی خۆیاندا هیچ سەرکەوتنێکیان بۆ کۆمەڵە بە دیاری نەهێناوە"و "بەبێ ئەزموون بوونی سیل سی کاك عەبدوڵلای موهتەدی" لە سەرکردایەتی مانەوەی کۆمەڵەدا" گاڵتەجاڕانە" دەبینێ.

ئەوەی راستی لە قسەکانی کاك عەلی‌دا بێ دێرێکە کە زۆر بە ناچارانە دان بە "خاوەنی نفووزی نیوە کوردستانی کۆمەڵە" دادەنێ کە ئەگەر ئەربابەکانی ئەم دێرەی بخوێننەوە، حەتم درگای ماڵەکەیانی لێ ناکەنەوە.

"عەلی" خان بێ ئاگاو یان رەنگە بە چاوقووچاندنێکی عەمدی لە سەرکەوتنە وەدەست هاتووەکانو پێشڕەوییەکانی کۆمەڵە لەم چەند ساڵەی دوای هاتنە دەری لە قەوارەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانو دەرەنجامەکانی کۆنگرەی دەی کۆمەڵە بڕیاری ناسەرکەوتووی کۆمەڵە دەدا !! دیارە کاك عەلی لە گوێی گادا نووستووە. تۆ خوا کێ لە پاڵیەوەیەتی رایچەنێ!!! پێویستە بڵێم کە بەراستی ئەو برادەرە زۆر لە چالاکییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد لە رۆژهەلات بێ ئاگاییەی دەیبەخشم کە دەڵێ!! رزگار کردنی کۆمەڵە لە فەوتان گاڵتە جاڕانەیە"، دەنا چۆن دەتوانی لە ئاوا بێ چاوەڕووانە هەڵمەت بەرێتە سەر سەرکردەی رابەری کاری بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەلات کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی رابوردوودا ئەو هەموو پێشڕەوییەی بە خۆوە بینیوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چەندە بێ ئاگای!!! کام حیزب لەدوای سەقامگیر بوونی دیکتاتۆرییەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی ئێراندا توانیویەتی ئەو کۆبوونە عەزیمەو جەماوەرییانەی ڕۆژانی "هەشتی مارس" ی ئەمساڵ لە "سنە"و "بۆکان"و "مەهاباد"و... بۆ پشتیوانی لە دروشمی "فیدراڵی" _ کە دروشمی کۆمەڵەیە بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران کە بۆ یەکەم جار کۆمەڵە ئەم دروشمەی هەڵگرتو لە ماوەی چوار ساڵی رابوردوودا پاش هەڵسووڕان کار بۆ کردنی لە کوردستانی ئێران وەك خواستێکی نەتەوەی کورد لە ئێران چەسپاندوویەتی _ کە بە بیانووی پەسند بوونی یاسای کاتی لە عێراقدا ڕێکخرا، بەڕێوەبەرێ.

ئەو حیزبەی کە وەك نموونەی دیموکراسی حیزبی لە کوردستانی ڕۆژهەلات دا ناوی دەبا جیا لەوەی کە ئێستا لەچ هەل‌و مەرجێکدایە پاش کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوو کە دروشمی چەندین دەیەی خۆی گۆڕی‌و هێشتاش لە پەسند کردنی ئەو دروشمەش ئیستدال‌و هەموو پشتوانەیەکی باسەکانیان "وتەی ڕەهبەرە شەهیدەکانی پێشوویانە" کەچی کاك عەلی ئەوان بە پێشەنگی دیموکراسی حیزبی دەبینێ‌و گاڵتەجاڕانەتر ئەوەیە کە ئەوان ئە هەنگاونەرانی جددی لە دیموکراسی حیزبی وەك نموونە دێنێتەوە. ئەو حیزبێك بە نموونەو پێشەنگی جیددی هەنگاونەری دیموکراسی حیزبی دێنێتەوە کە لە کۆنگرەی 8ی خۆیدا لەساڵی 1367 (1988)دا ڕێبەرە کاریزماییەکەی "لستێکی فیکس" ی 25 کەسی دادەرێ‌و لە ئۆتۆریتەی خۆی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی خستە ڕوو، حیزبێك کە ڕێبەرەکەی کاتێك چوو بۆ پای مێزی موزاکیرە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی!!! تەنیا چەند کەسی تایبەت لە ئەندامانی دەفتەری سیاسییەکەی ئاگادار بوون‌و بەس‌و لە ئاکامیشدا خۆشی تیاچوو، ئەوەش بڵێم ئەو فاکتەی کاك عەلی بۆ هێنانەوەی هەنگاوی جیددی بەرەو دیموکراسی حیزبی کە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نوێنەرەکەی حیزبی دیموکرات دەبینێ و نێوی لێدەبا بەو جۆرەش نییە، هەموومان دەیبینین لە پاش کۆتایی کۆنگرەی 13ی حیزبی دیموکرات و دەرەنجامەکانی ئەو کۆنگرەیە هەروەك پێش ئەو کۆنگرەیە، ئێستا ئەو حیزبە لە ئاست شەقبوون و ئینشیعاب دایەو بەشێك لەو حیزبەو دیبلۆماسی تایبەت بە خۆیان هەیە. بۆ نموونە دەتوانین بەسەردانەکانی ئەم دواییەی سکرتێری پێشووی ئەو حیزبەو تەنانەت هێندێك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ئێستای "حیزب" بۆ حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و لەوانە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناوبەرین کە هێمایەکە لەوەی کە ئەوانیش بە رەهبەری ئێستای "حیزب" رازی نین و پێی بڵێین کە ئێمەش کەس و هاوپەیمانمان هەیەو لە ئەگەری ئینشعابدا بتوانن پشتیوانییەك لەلایەن ئەو حیزبە سیاسیانەوە بۆ خۆیان دەستەبەر کەن.

سەبارەت بە دیموکراسی حیزبی لە کۆمەڵەدا

سەبارەت بەم مەسەلەیە کە کاك عەلی کۆمەڵە بە حیزبێك دەشوبهێنێ کە رەنگی دیموکراسی بە خۆیەوە نەبینیوە دەبێ بڵێم کە بە پێچەوانەی بۆچوونی کاك عەلی لە کۆمەڵەدا هیچ بەربەستێك نییە بۆ چوونە ناو رەهبەری کۆمەڵەوەو بە پێی پێڕەوی ناخۆی کۆمەڵە "هەر ئەندامێکی کۆمەڵە مافی ئەوەی هەیە کە خۆی بۆ رەهبەری و کۆمیتەی ناوەندیی بپاڵێوێ".

لە کۆمەڵەدا بە پێچەوانەی هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکان لە ئەساسنامەکەیدا مافی کەمایەتی (اقلیت) ی بۆ هەر دەستەو گرووپێك لەناو خۆیدا بەرەسمی ناسراوە کە دەتوانن لەناو ئەو حیزبەدا "فراکسیۆن" پێك بێنن و مافی کەڵك وەرگرتنیان لەسەرجەم ئیمکاناتی حیزبیش هەیە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەم بارەیەوە پێم باشە کاك عەلی چاوخشاندنێکی بەسەر ئەسناسنامەو مەرامنامەکانی کۆمەڵەدا هەبێ.
کاك عەلی لە کۆتایی نیمچە وتارەکەیدا چەند پرسیارێك دەکاو لە یەك لەوانە ئایا تاکەی "بەڕێز عەبدوڵلای موهتەدی" لە سەرکردایەتی کۆمەڵەدا دەمێنێتەوەو ئایا تاکەی چەپ نابێ لە کوردستاندا پارێزەری ئازادیو دیموکراسی بێ؟
بۆ وەڵام بەم پرسیارانەی نووسەر دەبێ بڵێم ئەگەر تا ئێستا کاك عەبدوڵلا توانیویەتی_سەرەڕای ئەو هەموو ناموڵایتمانەی کە لەماوەی 30ساڵ خەباتی سادقانەی کە بینیویەتی_لە رەهبەری کۆمەڵەدا بمێنێتەوە دەبێ دان بەم راستییەدا بنێین کە ئەو خۆراگریو موقاوەمەتەو وەستانەوەی کاك عەبدوڵلا لە بەرامبەر ئەو هەموو نامیهرەبانیو دژوارییانە کە تایبەتی هەر ژیانێکی سیاسیو ژیانی تاکێکە کە کاری کۆمەڵایەتی دەکا، هێمایەکن لەوەی کە ئەو بەڕێزە شیاوی رەهەبەری کۆمەڵەو بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردە.
کاك عەلی بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو تواناییانەی بەڕێز عەبدوڵلا موهتەدی بەوەی کە لەم کۆنگرەیەی دوایی حیزبەکەیدا وەك لیدر یان سکرتێری گشتی هەڵبژێردراوەتەوە بە نەوعێك دیکتاتۆرییەت تاوانبار دەکا، کە ئەمە بێ ئینسافییەکی گەورەیە بەرامبەر بەم بیرمەندو رۆشنبیرو سیاسەتمەدارەی کورد کە بەحەق ئێستا لە نوکی هیرەمی رەهبەری کۆمەڵەو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانی ئێراندایە.
ئەمە لە حاڵێکدایە کە کاك عەبدوڵلا خۆیوتەنی "نە خۆی بە نابیغە (هەڵکەوتوو) دەزانێو، نە خۆی لە خەڵکی تر بە زلتر دەزانێ". هەمووان دەزانن کە لە سیاسەتدا لەهەر دەورەیەکدا جار وا هەیە هەلو مەرجەکە جۆرێکە کە کەس یا کەسانێك لە بڕگەیەکی کورت یان درێژ ماوە لە سەفی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێشەوە دەبن‌و لەم واقیعەی ئێستای کوردستانی ئێران‌و لە رەهبەری کۆمەڵەشدا بەڕێز عەبدوڵڵا موهتەدی یەکێك لەو کەسانەیە.

هەڵبەت رەنگە پێویست بەوە نەکا من لەسەر کەسێتی بەڕێز "عەبدوڵڵای موهتەدی" بدوێم، چونکە عەبدوڵڵای موهتەدی ناوێکی ئاشنای دنیایی سیاسەت‌و رۆشنبیرییە کە لە بنەماڵەیەکی سیاسی‌دا پەروەردە بووەو ئۆپۆزسیۆن‌و موعتەریز بوونی هەر لە فەرهەنگی بنەماڵەو فەرهەنگی کوردەواری وەرگرتووە، بەر لەوەی بچێتە زانکۆو خوێندنی زانکۆ دەست پێبکا لەگەڵ سیاسەتی چەپ ئاشنا بووە، وێڕای کاك فوئادو کاك حەمە حوسێن‌و ... لە تەمەنێکی کەمدا لە دامەزراندنی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا دەروی بووە، رەنگ بێ لە حزووری کەسانێکی وەك "خانەی موعینی‌و..." قارەمانی زیندانەکانی ساواك نەبووبێ، بەڵام لە زیندان روو سوورهاتووەتە دەرێ، هەرچەند کە رەنگە لەم مایەشدا بێ هەڵە نەبووبێ‌و خۆشیان لەو بڕوایەدان‌و ئەوەش بەشێکە لە مێژووی ئەم رەهبەرە.

هەرچەند دەبێ جارێکی دیش دووپاتی کەمەوە کە هیچ بەربەستێك نییە بۆوەی کەسێك کە دەیەوێ رەهبەری کۆمەڵە لە ئەستۆ بگرێ‌و جێی وەبیرهێنانەوەشە کە لە ئێستای کۆمەڵەدا کە هەمیشە زیاتر رەهبەرییەکی جەمعی هەیە کە هەر کەسەو خاوەنی رەئی‌و دەنگێکەو کاك عەبدوڵڵاش وەك هەمووان.

لە کۆتایی‌دا چ شتێك ماوەتەوە بیڵێم، ئەوەی کە "کاك عەلی مەحموود محەمەد" رەنگە وەك پیرێژنەکەی کڕیاری "یوسف" کە بە چەند گلۆڵە بەنەوە چوو بۆ کڕینی یوسفی کەنعان، تەنیا مەبەستی ئەوە بێ کە بڵێ "منیش هەم".

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com